کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## دێ دوعا ❊

هۆ خاتوونە پرچ ڕەشەکە
تۆ جارێکی تر دێیەوە و
گوڵ باران و خۆر بارانی
هەموو ئەو دەستانە دەکەییت
کە درِک و ژانیان گرتووە
کە پەت و دەستاوی دووژمن
دەناسن و دەگوشن
وە نا بینای
چاوی داقڵیشاوی پڕ لە ترسیان
پردەکەیەوە لە ڕامان
پڕ دەکەیەوە لە وەڵام
پڕ دەکەیەوە لە زیندان

❊❊❊❊❊❊

هۆ خاتوونە دڵ زێڕەکە
تۆ جارێکی تر دێیەوە و
دەستی پیسی لەرزۆکی بەرد لە چنگیان
لە پشت کەمەر دەشارنەوە
لە نێو مەنگی دەریاچەی چاوەکانتا
کە قەوارەی دنیایەک خۆشەویستی تیا بەدی بوو
چەشنی وردە ماسی چەتوون
لە سێبەرت
لە بیستنی دەنگی نەرمی بێ نازت
سڵ دەکەن و بزر دەبن
چەشنی پەلەوەری تەریوو

له حەشارگە
له پەناگەیەک دەگەڕێن
تا بۆ دوا جار
دەبن بە بتێک له شەرم
دەبن بە سەرنجێک تەزیوو
دەبن بە دیمەنێک وەریوو

******

هۆخاتوونە چاو گەشەکە
تۆ جارێکی تر دێیەوەو
وێنە پڕ له پرسیارەکەت
لەپاڵ کێلی بوختان و درۆکانیان
له پاڵ کێلی سەر ڕماویان
له پاڵ مەرگی دوژمنانی کێوی ئەوین جێ دێڵیت و
بەدایەن بوی تازەترین هەوێنی سپی عەشقەوە
توڕەبونیان له سۆزداری
توڕە بونیان له ئازادی
یاخی بونیان له دڵداری و خۆشەویستی
گۆش دەکەیت و
له ئامێزی سوربووت بە دەستی تاوانیان
سوور بوو بە بەردی گومانیان
دەگریت و
بە دوو لێوی شەقار بووی وشک بوتەوە
له گەروی پڕ هاوارتەوە
بە زمانی پڕ له خۆزگەی تینوتەوە
پیان دەڵێیت ؛

هۆ برایان
نەکەن گوێ بیستی چرپە بن
جارێکی تر !!
نەکەن خەنجەری گڵاوی نەیارانتان لەکەمەرکەن
جارێکی تر !!
نەکەن دوژمنی بەهار و
خۆری باوەشی ئاسمان و
ڕەنگی سوور
سەرمەست بکەن
جارێکی تر !! .

* لە پشت ناوچەکانی دەربەندیخان و گوێ ڕووبارەکەی سیروان لە هەندێ گونددا ئافرەتە بەتواناو ڕێزدارەکان کە شەرمی زۆریان لێدەکرێ و دایەنی گەلێ دەبن ، وەک پێش گر { دێ } بەکار دەبەن لە پێش ناویان وەک { دێ ئاهو } { دێ سەلمە } و هتد .. گەر هەڵە نەبم تا ئێستا لە زمانی هونەردا بەکار نەبراوە هەر بۆیە پێش کەش بێت بە { دوعا خاتوون } .

شێرکۆ ئەحمەد
*sherko@hotmail.it*
*12/05/2007*